# ئێمە لە دونیای ڕاسیزمەوە نەهاتووین!

خالد سلیمان

بەبێ دوو دڵی ، ئەتوانم بڵێم گەورەترین نەتەوە لە دوونیادا کەبوەتە قوربانی ڕاسیزم و کولتوری ڕقلێبوون کوردە ، بەڵام سەیر لەوەدایە کاتێك کوردێکی یەکجار ڕاسیست دەبینین ! ڕاسیستێك کە ناوی خەڵك دەنێت بزن و مەیمون و شتی تر …

ئەو قسانەی فەرهاد پیربالْ کە لە یەکێك لە ژمارەکانی هەفتەنامەی میدیا لە 2005/4/12 دەربارەی جەزائیری و مەغریبی و ڕەش پێستەکانی فەرەنسای کردبوو ، زەنگێکی خەتەرناکە لەلای ڕۆشنبیری کورد و ئەبێ لە ئاستیدا هەڵوێستێکی ڕاشکاوانە وەربگیرێت . چوونکە تاوانبارکردنی خەڵك و لێکچوواندنیان لەگەڵ ئاژەڵاندا و بەکار هێنانی ناووناتۆرەی دوور لە پرانسیپی مرۆیی بۆ خۆی ئەپەڕی ئاستی ڕاسترەوییە و پێڕازی بوونیشی مێژووی " گالیلۆ " مان بیر دەخاتەوە کە بێدەنگ بوون تیایدا جۆرێکە لە تاوانباری . فەرهاد پیربالْ لەو قسانەیدا کە لە چوارچێوەی ڕیپۆرتاژێکدا لە سەر هەلێر و هەولێرییەکان لە هەفتەنامەی ئابراودا بڵاو کرایەوە باس لە کۆچبار و پەناهەندەکانی مەغریب و جەزائیر و ئەفریقی و فارس و تورك و ئەرمەنییەکان دەکات نەك وەك مرۆڤ بەڵکو مەیمون و بزن و ئەڵێت نازانم فەرەنسییەکان چون تەحەمولیان دەکەن . لێرەدا بۆ ئەوەی خوێنەر زیاتر شتەکانی لا ڕوون بێت نموونەکەی پیربالْ وەك خۆی ئەهێنمەوە کە

ئەڵێت :

(فەرەنسییەك لە ناو پاسدا دانیشتووە یەکێك لە تەنیشتیەوە دەڵێی مەیمونە لە ئەفریقاوە هاتووە ،ئەوەی لای چەپی دەڵێی سەیە ،ئەوەی بەرامبەری دەڵێی بزنە ، کۆمەڵێك حەیوانات لە دەوروبەری ئەو فەرەنسییە کۆبوونەتەوە ) . کێ باوەڕ دەکا پرۆفیسۆرێکی زانکۆ ئەم قسانە بکات ، ئایا ئەمە ترۆپکی ڕاسیزم و بێتوانای مرۆڤ نییە لە تێگەیشتن لە کولتور و بەها مرۆییەکان کە ئەگەر لە جیاوازی دایانماڵی هیچ بایەخێکیان نامێنێ . خۆ ئەگەر فەرهادیش لەوانەیە کە بڕوایان بە "الأصالة العرقية " هەیە ئەبێ ئەوە بزانی کە ئەویش فەرەنسی نیە و ئەگەریش فەرەنسییەکان وەك ئەو بیر بکەنەوە ئەوا هەر حیسابی ئەوانەی بۆ ئەکرێت کە خۆی ناویان لێ ئەنێت حەیوانات .

دیارە کاك فەرهاد هێشتا ئاشنایەتی لەگەڵ کولتوری فەرەنسییەکاندا پەیدا نەکردووەو هەر خریك بووە بە خوێندنەوەی دروشمەکانی " جان ماری لۆپێن " ، ئەگینا چۆن ناو و ناتۆرەی ئاوەها ئەبنە فەرهەنگی ساڵانێکی زۆری ماندوو بوون و خوێندنی . کەی گەیشتە ئەو باوەڕەی کە ئەبێ مرۆڤ وەگ ( حەیوانات ) تەماشا بکرێت و خۆ دەبێت ئەوە بزانێ تەناتەت ڕاسیستە هەرە ناودارەکانی ئێستای ئەوروپا بەم شێوەیەی ئەو قسە ناکەن و ئەگەر زۆر بڕۆن داوای دەرکردنی پەناهەندەو گۆچبارەکان دەکەن کە لە نێوانیاندا کوردێکی زۆر هەن .لێرەشدا مافی ئەوەم هەیە لە کاك فەرهاد بپرسم بە چی دیوێکی فەرەنسا دڵخۆشە ، بە دیوی پرانسیپی کۆمارییەکان و کەلەپووری شۆڕشی گەورە یان بە دیوی جۆزێف فوشێ و لۆپێن و سارکۆزی ؟ هەڵبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە فەرەنسییەکان زۆر کراوەن و لە لە بۆچوونەکانی مۆنسیۆر فەرهادەوە دوورن ، بوڵام کەس بەو شێوە تەعبیر ی لێ ناکات و بگرە کەسیش نایەوێ بگەڕێتەوە بۆ ناو وزارەتە پۆلیسییەکەی جۆزێف فوشێ یان ئایدیۆلۆژیا داخراوەکەی جان ماری لۆپێن . واتە لێرەدا کە بوونی لە کولتورێك زیاتر لە یەك وڵاتدا ئەگەیەنێ بووەتە بەشێك لە MULTICULTURALISME چەمکەکانی ژیانی ئەو وڵاتە و هەر بۆچوونێکیش وەك ئەوەی پیربالْ بێ جۆرێکە لەدەرکردنی مێژوو لە بارێکی هەموارو ئینسانییەوە بەرەو بارێکی ناهەمواری ڕاستخوازی .

ئێمە لە دوونیاییەکی ڕاسیستەوە نەهاتووین ، بگرە بووینە گەورەترین قوربانی ڕاسیزم لە جیهاندا و فاشیست و ڕاستخوازەکان ئێمەیان بە خاوەن ماف نەدەزانی بۆیە کیمیاباران و ئەنفالیان کردین و ناو و ناتۆرەیان لێ ناین و لە مافی ژیان دایانماڵین . ئەوەیش کە فەرهاد پیربالْ ئەیڵێ بەشێکە لە کولتوری وزارەتەکەی جۆزێف فوشێ نەك کولتوری کورد .